# سیستەمی پۆلێنکردن لەکەی

دەزگای چاکسازی ئەو جێگایەیە کە ژمارەیەکی زۆر لەبەندکراوان لەخۆدەگرێت، بێگومان ئەم کەسانەش ئەگەرهەر تاوانێکیان ئەنجام دابێت پێویستیان بەچارەسەرە، ئەوەی گرنگ بێت لێرەدا، پێویستە ئەم دەزگایە هەوڵی بۆبدات و بۆ چوونەناو قۆناغێکی نوێ لەژیانیان ئەو کەسانە ئامادە بکات، بۆمەبەستی چاکسازی کردن، لەسەرچەند بنەمایەکی زانستی و یاسایی، سیستەمی پۆلێنکردن لەم دەزگایەدا پەیرەو دەکرێت .

**حکومەت هەوڵی زۆری داوە بەڵام هێشتا بەپێی پێویست نییە**

سەراب دلاوەر کاکە زیاد بەڕێوبەری ڕێکخراوی ڕیلێف دەربارەی کێشەی تێکەڵاوکردنی کەیسەکانی ناو دەزگای چاکسازی وتی ((پۆلێنکردنی بەندکراوان قۆناغێکی سەرەکییە بۆچارەرسەرکردنی کێشەکانیان، لەبەر ئەوە نابێت بەهیچ شێوەیەك کەیسەکان تێکەڵاو بکرێن، واتا دەبێت هەموو بەندکراوەکان پۆلێنکرابن بە مەوقوف و مەحکومەوە،چونکە ئەگەر کەیسەکان جیانەکرینەوە کێشەی زۆر دروست دەبێت بۆنموونە ئافرەت هەیە بەتۆمەتی دزی کردن دەستگیرکراوە لەگەڵ ئافرەتێکی لەشفرۆشدا پێکەوە بەند دەکرێن ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی کە ئەو ئافرەتە کەبە تاوانی دزییەوە گیراوە فێری لەشفرۆشی بێت یان بەپێچەوانەوە لەیەکترییەوە شت فێربن کەئەمەش دوای ئازادبوونیان گەورەترین قەیران بۆئەو کەسانە دروست دەکات، واتا دەتوانم بڵێم پۆلێنکردن گەورەترین ڕۆڵ دەبینێت لەم دەزگایەدا، ئەگەرچی حکومەت هەوڵیداوە کەبایەخی زۆر بەم دەزگایە بدات و زۆرەبەی بەندکراوەکان پۆلێن بکات و توێژەری کۆمەڵایەتی و دەروونی سەرکەوتووی خاوەن ئەزموون بۆئەم بەندکراوانە دابنێت، بەڵام تائێستا نەتوانراوە بەشێوەێکی باش کێشەکان چارەسەربکرێن، ئەوەی کەگرنگە لێرەدا ئەوەیە کە دوای ئازادبوونیان چاودێری ئەم کەیسانە بکرێت و سەرپەرشتی بکرێن .

**بەکارهێنانی هۆڵی گەورە بۆبەندکردن هەڵەیە، چونکە کۆمەڵێك کەس پێکەوە دادەنرێن کە لەڕووی دەروونییەوە جیاوازن.**

گوڵزار عومەر پسپۆری دەروونی دەربارەی پۆلێنکردنی کەیسەکان دەڵێت « پۆلێنکردنی کەیسەکان گرنگترین پرۆسەی چاکسازییە لەرووی دەروونیەوە لەناو بەندکاوەکاندا چونکە کەسی بەندکراو پێوستی بەوە هەیە لەڕووی دەروونیەوە چارەسەری کێشەکانیان بۆبکرێت واتا دەبێت کەیسەکان لەسەر بنەمای گونجاندنی دەروونی کۆمەڵایەتی دابنرێن دەبێت هەوڵبدرێت لە هۆڵێکدا تەنیا دوو تا سێ کەس تاچوار کەس دابنرێن بەمەرجێك تاوانەکانیشیان هاوبەشبێت، ناکرێت دزێك و لەشفرۆشێك لەیەك ژووردابن بێجگە لەوەی کە بەکارهێنانی هۆڵی گەورە بۆبەندکردن زۆر هەڵەیە چونکە کۆمەڵێك کەس پێکەوە دادەنرێن کە لەڕووی دەروونییەوە جیاوازن و هەریەکەیان جۆرە نۆرمێکی تایبەت بەخۆیان هەیە، لێرەدا ئەم کەسانە رووبەڕووی قەیرانی دەروونی دەبنەوە، ئەمە بێجگە لە ئەنجامدانی چاکسازی لەبوارەکانی کۆمەڵایەتی ئەو بەندکراوانەدا پێویستی بە ماوەیەکی زۆرهەیەو دەبێت لەڕووی دەروونیەوە بسازێنرێن.

**پێویستە پۆلێنکردن لەسەر بنەمای ماددەی حوکمدانی بەندکراوەکە بێت**

# ـــسەکانی دەزگای چاکسازیدا







پارێزەر ئومێد عەبدولەسلام دەربارەی سیستەمی چاکسازی وتی» لەسیستەمی چاکسازی نوێدا هەوڵی چارەسەرکردنی کێشەکانی بەندکراو دەدرێت نەك تۆڵەکردنەوە لەبەندکراوەکە واتا لەسیستەمی چاکسازی نوێدا پێویستمان بەپۆلێنکردنە واتا دەبێت هەموو تاوانباران بەشێوەیەك لەشێوەکان پۆلێنکرابن و لەم پەیڕەویشدا پشت بەویاسانە دەبەسرێت کە ئەو کەسەی پێ حوکم دراوە واتا هەموو کەسێك بە ماددەیەکی یاسایی بەندکراوە ئەوماددەیەی یاسای لەشفرۆشێك جیاوازە لە بکوژێك لەبەرئەوە بەپێی ئەو ماددەیە پۆلێن دەکرێن چونکە ئەگەر پۆلێن نەکرێن کێشەی زۆر دروست دەبێت، بۆنموونە لەشفرۆشێك و دزێك هەردووکیان هاوکاری یەکتری دەکەن ڕەنگە دزەکە فێری لەشفرۆشی بێت و لەشفرۆشەکەش فێری دزی بێت و دوای ئازادکردنیان ئەمانە گرووپی تاوان دروست دەکەن.

**لەکاتی ئێستادا هەموو بەندکراوەکان بەپێی یاسای تایبەتمەند پۆلێنکراون .**

موئەیەد محەمەد ئەمین حەسەن بەڕێوبەری دەزگای چاکسازی و نەوجەوانان و ئافرەتانی هەولێر دەربارەی پۆلێنکردنی کەیسەکان وتی ((ئێمە لەکاتی ئێستادا زۆر بەوردی پۆلێنی بەندکراوەکان دەکەین، ڕەنگە ئەگەر پێشتریش جۆرە تێکەڵاوبوونێك هەبووبێت ئێمە ئێستا هەموویمان پۆلێنکردووە، هەرجۆرە ڕەگەزێکیش بەپێی یاسا مامەڵەی لەگەڵدا دەکەین بۆنموونە یاسای (بغاء) بۆ پۆلێنکردنی ئافرەتان بەکاردەهێنین، چونکەلەم یاسایەدا ڕێوشوێنی تایبەتی بۆجیاکردنەوەی ئافرەتەکان دانراوە، دەربارەی نەوجەوانان بێگومان یاسای تاوانی نەوجەوانانمان هەیە بۆ پۆلێنکردنی نەوجەوانەکان ئەوەی گرینگە بەلای ئێمەوە ئەوەیە کەلەناو دەزگای چاکسازیدا بەندکراوەکان بەشێوەیەکی زانستی پۆلێنکرابن .

دەربارەی یاسای نەوجەوانان زیاتر تەمەن کراوەتەپێوەر بۆ پۆلێنکردنیان هەندێکیان تەمەنیان زۆرمنداڵە لەهۆڵێکدان، ئەوانی تریش کەنەوجەوانن لەهۆڵێکی تردان، لێرەدا ئێمە هەوڵمانداوە باشترین شێواز بەکاربهێنین بۆ پۆلێنکردنی بەندکراوەکان، دەربارەی ئافرەتەکان بەپێی یاسا تایبەتمەندییەکان پۆلێنکراون، واتا ئافرەتان شوێنەکانیان جیاکراونەتەوە لەسەر بنەمای تاوانەکانیان و ئەو یاسایانەی کە جۆرەکانی تاوان دەستنیشان دەکات پۆلێنکراون لێرەشدا یاسای (بغاء) ڕۆڵی خۆی دەبینێت بۆنموونە بەپێی یاسای (بغاء) لەشفرۆشەکان لەهۆڵێکی جیا دادەنرێن و تێکەڵاو ناکرێن لەگەڵ ئافرەتەکانی تردا، بێگومان هەمان پرۆگرامیش لە خانەی مەوقوفەکاندا پەیڕەو دەکەین بۆنموونە ئەگەر لەڕۆژێکدا چەند ئافرەتێك دەستگیربکرێن و هەوڵدەدرێت بەپێی یاسا تایبەتمەندیەکان جودا بکرێنەوە.

# خەنەبەندان و کۆمەڵێک یادەوەری بۆ بووکەکان

ت/ سانا سلێمان



لــە دێزەمانــەوە لەنێوان زۆربەی خێڵ و هۆزەکانی کوردەواریــدا خەنەبەنــدان هەبووە ئێســتاش لە زۆربەی ناوچەکاندا وەکو دابونەریتێک دەیکەن،کە شەوی پێش بووک گواســتنەوە کەســوکاری بــووک و زاواو دەســتە خۆشــکی ئامادە دەبن، خەنەدەگرنەوەو لەســەر سینیەك دایدەنێــن و مۆمی داگیرســاوی لەچــواردەور دادەنێن و هەموو ئەوکچ و ژنانەی ئامادەن بەشــداری ئەو بۆنەیە دەکەن و دەســتی خۆیان یان هەر پەنجەیەکی خۆیانی تێ دەنێن بە نیازی شادی و مراز گرتنەوە.

### بۆ موژدەی خێروخۆشییە

دیمەن ســتار تەمەن ٢٥ ساڵە ماوەی دوومانگــە شــووی کــردووە بــاس لە چۆنییەتــی شــەوی خەنەبەندانی خۆی دەکات و دەڵێــت» شــەوێك پێش ئەوەی بگوازرێمەوە دایکم وتی دەبێت خەنەبەندانت بۆ بکەین لەبەرئەوەی ئەوە دابونەریتێکی جوانە، کاتێك منیش شووم کردوە بۆمنیش کراوە بۆیە ئەبێت بۆ هەموو کچەکانیشــم بکرێت» ئەو کچە دەڵێت» لە ڕاســتیدا شــەوی خەنەبەندان بەلای منەوە شتێکی ئەوندە گرینــگ نەبوو چونکە پێم وانییە ئێســتا ئەوندە بــاوی مابێت،بەڵام دوای ئــەوەی من لەســەر داوکاری دایکم ئەو کارەم ئەنجامــدا ئینجا زانیم ئەو شــەوە شــەوێکی زۆر خۆشــە چونکە هەموو ئافرەتــەکان و دراوســێ و هاوڕێیەکانی بووکەکە کۆدەبنەوە بە هیچ شێوەیەك نابێت پیاو بەشداری بکات و دەیکەین بەئاهەنگ و چەپڵەو ســەماکردن لە دەوری بووکەکە ســەمادەکەین و گۆرانی بــۆ دەڵێین کە بووك لەسەر زەوی لە ناوەڕاستی ژوورێك دانیشتووە جلێکی کوردی لەبەرەو خەنە لە دەستەکانی دەدرێت» خەنەبەندان شەوێك بەر لە گێڕانی ئاهەنگی بووك گواستنەوە لەلایــەن خێزانی هەر یەك لە بووك و زاوا ئەنجامدەدرێت، وەکو موژدەی خێروحۆشی دوور لەخەم و کێشــە بــۆ هاتنی ژیانی داهاتووی ئــەو کوڕو کچــە کە ژیانی هاوسەرگیری پێك دەهێنن.

### خەنەبەندانە بە مانای نیشانەی ڕووسووری کچەکە دێت

د.شــوکریە ڕەسوڵ شــارەزا لە بواری کەلتور دەڵێت»پیش ئــەوەی ئاهەنگی بــووك گواســتنەوە ئەنجامبدرێت خزم و کەســەکانی بووك و زاوا کۆدەبنەوەو دەیکەنە ئاهەنگــی خەنەبەندان ئەویش بۆئەوەی کە بەیانی بووکە خواحافیزی لە ماڵی باوکی دەکات، لەناو کوردستان یان بابڵێین لەناو دەوڵەتە ئیسلامیەکان ئەو خەنەبەندانە بە مانای نیشانەی ڕووسووری کچەکــە دێت کە پەڕۆی ســپی لەگەڵ خۆی دەبات و ڕەنگەکەی ســووردەکات، ئەویش بەو شــێوەیە پاك و ســەربەرزە کە



چۆن خەنە پیرۆز و بەنرخە ئەو پەڕۆکە سوورەی ئەویش بەوجۆرە پیرۆزە لە پێش مام و عەشیرەت و خزمەکانی و واتە ئەوە نیشانەی ڕوو سپی بوونی کچەکە خۆی و بنەماڵەکەیەتی هەروەها کە وێنەی مانگ و ئەستێرەو خۆری بۆ دروست دەکەن بۆ باشی بەخت، هەروەها لە کۆمەڵگایەکەوە بۆ کۆمەڵگایەکی تر جیاوازە ئیتر هەر کۆمەڵگایەك بەگوێرەی داب و نەریتی خۆیان هەڵپەڕکێ دەکەن.

**کچانی ئەم سەردەمە ئەوەندە باوەڕیان پێنەماوە**

دایکان زۆر ئارەزوویانە کە بۆ بەرز ڕاگرتنی ناوی کچەکەیان ئەو ئاهەنگە ئەنجامبدەن و وەکو ئەوەی لە کۆنەوە خۆیان ئەنجامیانداوە بەڵام کچانی ئەو سەردەمە ئەوەندە باوەڕیان بەو بۆنەیە نییە تەنیا وەکو دابونەریتێکی کۆن سەیری دەکەن کە لە باو باپیرانەوە بۆیان ماوەتەوە.

پورە وەسفیە رەحیم ئافرەتێکی تەمەن ٥٦ ساڵە خاوەن ٦ کچە شەوی خەنەبەندانی خۆی دەگێڕێتەوە کە ٣٦ساڵ لەمەوپێش بووە دەڵێت» ئەگەرچی ئەو شەوە کاتێکی زۆری بەسەر ڕۆیشتوە بەڵام هەرگیز بیرم ناچێت چونکە ڕۆژێك بوو لە ڕۆژە خۆشەکانی تەمەنم ئەو شەوە ماڵی زاوا تەنیا ژنەکانیان ئامادە دەبن و لەگەڵ هاوڕێ و کەسوکارە نزیکەکانم کە چەند سینیەك لە خەنەیان ئامادە کردبوو لەگەڵ خوێ و شەکر و شیرینی لەگەڵ چەند گەڵایەکی سەوز، خوشکی هاوسەرەکەم و براژنەکەم دەست و پەنجەکانمیان بەخەنە ڕازاندەوە، دوایی من و هەندێك لە کچە گەنجەکان خەنەیان لە ناو لەپی خۆیان دەدا بە مەبەستی ئەوەی بەختیان باش بێت لە داهاتوودا، گۆرانییان دەوت و دوعای خێر و خۆشییان بۆم دەکرد» پورە وەسفیە دەڵێت» لە ڕاستیدا شەوی خەنەبەندان چەندین یادگاری بەنرخی بەلامەوە جێهێشتووە» ئەو ژنە گلەیی لە کچەکانی دەکات، کە ئارەزوویان لەو بۆنەیە نییەو پێیوایە لە سەردەمی ئێستادا ئەو دابونەریتە کاڵ بۆتەوە بۆیە پێی اخە کە تەنیا خەنەبەندانی بۆ کچەگەورەکەی ئەنجامداوە، دووکچی تری شوویان کردوە هیچ حەزیان بەو بۆنەیە نەبووەو گرینگیان پێ نەداوە.

**خەنەبەندان لەوڵاتە عەرەبییەکاندا**

هەر لەسەردەمی کۆنەوە تا ئێستا خەنە ڕۆڵێکی بەرچاوەی هەبووە بێجگە لەوەی کە بۆ لایەنی تەندروستیش بەکارهاتووەو سوودی لێ وەرگیراوە لەڕووی ئایینی ئیسلامیشەوە پیرۆزکراوە هەروەها شەوی خەنەبەندان لە دەوڵەتە عەرەبییەکانیش ڕۆڵێکی باشی هەبووە بەشێوەیەکی جیاواز بەڵام بەهەموو جۆرێك خەنە لە سە ر سینیك دادەنرێت و ناو لەپەکانی بووکی پێ دەرازێندرێتەوە.

عەلی حوسێن پیاوێکی خەڵکی میسرە تەمەن ٣٧ ساڵە خاوەن ٢ منداڵە دەربارەی شەوی خەنەبەندان لە میسر دەڵێت» لە لای ئێمە نەوەك هەر بووك بەڵکو دەست و قاچی زاوەکەش لەخەنە دەدرێت گرینگ نییە هەرکاتێك بێت، بەڵام دەبێت پێش ئاهەنگی گواستنەوە بێت، ئەو کاتەی من ئاهەنگی مارەبڕینم کرد، دوای مانگێك شەوی خەنەبەندانمان کردو دوای هەفتەیەك ئاهەنگی گواستنەوەم ئەنجامدا کە سینیەك دەهێنن و لە ناوەڕاستی خەنەکەی دادەنێن و مۆم لە دەوری خەنەکە دادەنێن و شیرینی بەسەر بووك و زاواکە دەبارێنن و شەربەتی و شیرینی بەسەر ئامادەبووان دابەش دەکرێت و سەماکەرێك لەبەردەم بووك و زاوا سەما دەکات و خەڵکی دەیکەنە چەپڵەو خۆشی ئەمەش بۆ مەبەستی پێکەوە مانەوەی بووك و زاوایە لە ژیانیان تا دووربن لە شەیتان و جیا بوونەوە» ئەو پیاوە میسرییە دەڵێت» لە میسریش ئێستا ئەوەندە باوی ئەو ئاهەنگە نەماوەو زۆر بەکەمی ئەنجامدەدرێت»





# کوڕانی قسەخۆش و ڕۆمانسی بەلای کچانەوە پەسەندن

**وەك ئاشکرایە هەڵبژاردنی کەسایەتی وەك هاوبەش و تەواوکەری ژیان تابڵێی گرینگە، چونکە پیاووئافرەت هەردووکیان تەواوکەری یەکترن، بۆیە کچان وادەدوێن کە پێویستیان بەکەسانی قسەخۆش و ڕۆمانسی هەیە تا حەزوو ئارەزووەکانیان فەرامۆش نەبێت..**

ئا: بەهرە سلێق

### نامەوێت تەنیا کەسێك بێت حەزوو ئارەزووەکانی خۆیم پێ بەتاڵ بکاتەوە

مامۆستایەك دەڵێت «باس کردنی ئەم دوولایەنە تاڕادەیەکی زۆر گرنگە بۆ ژیانی هەردوولاو بەدەربڕینی هەستی خۆم خۆشحاڵم بۆلایەنی ڕۆمانسی ئەو کەسەی هەڵی دەبژێرم حەزدەکەم قسەی خۆش بێت و هەستی دەربڕی ژیانی بکات بەدوو بەش بەشێکی بۆمن تەرخان بکات و زۆرترین کات بەیەکەوە بین»

سەبارەت بەلایەنی گەرموگوڕیش وتی «بەڵێ حەزدەکەم کەسێکی گەرم بێت هەموو حەزەکانی خۆیم پێ بڵێت و گرنگی بە حەزەکانی منیش بدات لەم حاڵەتەشدا هاوبەشی هەبێت لەنێوانمان و تەواوکەری یەکتر بین و نامەوێ کەسێك بێت، تەنیا خۆی پێم بەتاڵ بکاتەوەو ئارەزوو حەزەکانی خۆیم پێ تەواوبکات».

### ئەو دوولایەنەی ئاماژەی پێکراوە بۆهەر گەنجێك زۆر گرنگە

ڕۆیا سەبارەت بەم بابەتە دەڵێت «پێم خۆشە زۆر ڕۆمانسی بێت و ئەو هەستەی کە من هەمە ئەویش هەمان هەستی هەبێت و قسەی خۆش بکات کە من دڵ خۆش بکات و ئەو شتانە بڵێت کەدایم هەستەکانم دەجووڵێنێتەوە لایەنی دووەمیش گەرم بێت و هەموو ئەو شتانە بڵێت کەحەزی پێ دەکات و شەرمی نەبێت و ئەو شتانەی بۆخۆی پێی خۆشە بۆمنیش پێی خۆش بێت و یارمەتیدەر بین بۆ تەواوکردنی ئەنجامدانی سێکس، نامەوێ لەو کەسانە بێت تەنیا راوبۆچوونی خۆی بوێت و ئەنجامی ڕاو هەستی منیش بەلاوەنێت».

### حەزدەکەم لەرۆمانسیەت نقووم بم

کچێکی تریش بەو شێوەیە دوا «وەك خۆم حەزدەکەم ئەو کوڕەی کە بەهاوسەری خۆم دیاری دەکەم وەك حەزی خۆم ئەمەوێ کەسێکی کەیفخۆش بێت و ڕۆشنبیری سێکسی هەبێت و خوێندنەوەی هەبێ لەم بارەیەوە بتوانێ حەق بە حەزو ئارەزووەکانی من بدات، لایەنی دووەمیش حەز دەکەم رۆمانسیەت و خۆشەویستی و هەست و سۆزم پێشکەش بکات، بەردەوام واهەست بکەم لەرۆمانسیەتا نقووم بووم».

### توێژەران پێیان وایە کەسانی ڕۆمانسی و ڕووخۆش تەنیا لە خەیاڵدا بیریان لێ دەکرێتەوە

سارا حوسێن توێژەری کۆمەڵایەتی دەڵێت «هەڵبژاردنی کەسایەتی پیاوان لەلایەن کچانەوە زۆرشت دەگرێتەوە بەڵام بەتایبەت ئەگەر باس لەلایەنی جنسی و ڕۆمانسیەت بکەین ئەوا لەبەر ئەوەیە کچان لەکۆمەڵگەی ئێمەدا تاگەورە دەبن حەزوو ئارەزووەکانیان داخراوە بەهەمان شێوە ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ باوك سالاری و ڕێگرتن لە هەست دەربرین، لەوانەیە زۆرشتی سەرەکی تر هەبێ لەوشتانە زیاتر گرنگە بۆ هەڵبژاردنی کەسەکە وەك رادەی گونجان لەگەڵیدا بەڵام بیرکردنەوە لەکەسی ڕۆمانسی ئەواتەنیا لە خەیاڵ وابیری لێ دەکاتەوە لەوانەیە هەرواش دەرنەچێ خۆ ئەو کچە نازانێ و لەگەڵی نەژیاوە تا بزانێ کوڕێکی ڕۆمانسیە بەڵام قسە خۆشی لەوانەیە لەڕۆژانەدا لێی ببینێ ئەگەر بیناسێ، بۆیە سەرەتا هەر لەخەیاڵەوە ئەو کەسە بەو شێوەیە وەسف دەکرێت، لەوانەیە هەر حەزێکی کچانەبێت و لەدواییدا ئەوەی دەیەوێت رەنگە وا دەرنەچێت».





# کچان هاوسەری خۆیان هەڵدەبژێرن و خانەوادەکانیان ناڕازین

ئا/ ئەمەل محەمەد جەلال

ئەگەر پێشتر دەرفەتی کەمتر ڕەخسابێت بۆ کچان و کوڕان بۆئەوەی بڕیار لەسەر چارەنووسی ژیانی هاوسەرایەتی خۆیان بدەن ئەوا هەنوکە دەرفەتەکان زیاترە و دەرگاکان کراوەترن لەبەردەمیاندا،ئەمەش وایکردووە کە پێش ئەوەی بنەماڵەی هەریەکە لەو کچ و کوڕە بزانن کە دەیانەوێت ببنە هاوسەری یەکتر ئەوا ئەمان لە لێواری بەهاوسەرایەتیبوون نزیکدەبنەوە و چاوەڕێی ئەوە دەکەن بڕیاری کۆتایی خانەوادە وەربگرن و بچنە ژیانی خێزانداریەوە، بۆیە لەم ڕێپۆرتاژەدا ئەوەدەخەینە بەر دیدەتان تا بزانین کچان چ ڕێگەیەك دەگرنەبەر بۆئەوەی دایك و باوکیان ڕازی بکەن کاتێك دەبنە ڕێگر لەو پێناوەدا.

**«مامۆستای ئاینی ڕێگەیەکی گونجاوە»**

ئەو کاتەی کە کامەرانی هاوسەرم هاتەداوام بۆ ئەوەی شووی پێبکەم تەواوی ئەندامانی ماڵەوەمان ڕازی بوون جگە لە باوکم ئەویش تەنیا لەبەرئەوەی کە حەزی لەوە نییە لەگەڵ خەڵکی ئەو گوندەدا خزمایەتی پێکبێنێت کە کامەران خەڵکی ئەوێ بوو، ئەمە وتەی ناسکە رەحمان جافری تەمەن ٣٠ساڵ بوو، هەروەها وتی کە لەبەرئەوەی دایکم و مامەکانم نەیانتوانی ڕازی بکەن بۆیە ناچاربووین لەرێگەی مامۆستای ئاینی گەڕەکەمانەوە قەناعەت بە باوکم بکەین و ڕازیبوو بە هاوسەرایەتیەکەمان، بۆچوونی وابوو کە دەبێت کچ بێ ئومێد نەبێت لەو ڕێگایانەی کە دەیانگرێتەبەر.

**«برای کچ حەزدەکەن ئاگاداری هەڵسوکەوتی خوشکەکانیان بن»**

لەبەرئەوەی باوکم چووبۆوە تەمەنەوەو برایەکی گەورەم هەبوو کە ئەو بەرپرسیارێتی ژیانی ئێمەی کەوتبووە ئەستۆ بۆیە بریارڕدانی ژیانی هاوسەرایەتی من و شاسواری هاوسەرم کەوتبووە دەست ئەو، لەبەرئەوەی کە دایکم و خوشکەکانم هەموویان ڕازی بوون و ئەیانوت تەنیا بۆچوونی محەمەدی برات گرنگە لەسەر ئەو کارە، ئەمە وتەی سۆزیار کەمال ئەمین بوو کە تەنیا ٨ مانگە چۆتە ژیانی هاوسەرایەتییەوە، وتیشی هەرلەسەرەتاوە براکەم رازی نەبوو تەنیا لەبەرئەوەی کە زانیبووی دووجار لەگەڵ شاسوار لە شوێنە گشتییەکان وادەمان هەبووەو بەیەکەوە قسەمان کردووە بەبێ ئاگاداری ئەو، بۆیە دوای یەك مانگ خەریکبوون لەگەڵی لەلایەن مامێکمەوە ئەوسا ڕازی بوو.

**«بیر لە سووتانی جەستەت مەکەرەوە»**

زانست کە ئێستا هاوسەری منە لەبەرئەوەی لەتەمەنی لاوێتیدا چەندین جار هاتۆتە سەر ڕێگەی قوتابخانەم و براکانم بەوەیان زانیبوو، دایکم و باوکیشم خۆشیان نەدەویست بۆیە لەخانەوەدەکەی مندا یەك کەس ڕەزامەند نەبوون لەسەر هاوسەرایەتیمان، ئەمە وتەی شێوە قادر حەسەنی تەمەن ٢٤ ساڵە، وتیشی تاکە ڕێگەیەك لەبەردەمی مندا تەنیا ئەوەبوو کە بەدایك و باوکم وت ئەگەر نەمدەن بەو کوڕە ئەوا خۆمدەسووتێنم و پاش ئەوەش کە دایکم ڕازی کرد جەختم لە دایکم کردەوە کە لای باوکم ئەو قەناعەتە دروستبکات کە لەوانەیە شێوە خۆی بسووتێنێت بۆیە باوکیشم ڕازی بوو،بەڵام بۆچوونی وابوو کە تەنیا لەبەرئەوە وتویەتی خۆمدەسووتێنم تاکو شوو بە زانست بکات و بەڕاستی نەبووە کە خۆی بسووتێنێت.

**«هەندێك جار تاقانەبوون دەبێتە ڕێگر»**

لەبەرئەوەی کچە تاقانەی ماڵەوەبووم وامدەزانی کە هەر بڕیارێك بدەم ماڵەوە تەواو پشتیوانیم لێدەکەن و دڵم ناشکێنن بەڵام بۆچوونەکەم پێچەوانەبوویەوە و وتیان لەبەرئەوەی کە تاقانەیت دەبێت بەدڵی هەموومان شوو بکەیت لەبەرئەوەی ئێمە بەرژەوەندی ژیانی تۆمان دەوێت ئەمە وتەی چیا عومەر ئەسعەد بوو، هەروەها وتیشی لەبەرئەوە نەمتوانیوە لەگەڵ ئەو کوڕەدا کە خۆشمویستووە ژیانی هاوسەرایەتی پێکەوەبنێم، ئەمە جگەلەوەی ڕێگەی زۆرم گرتەبەر بەڵام سوودی نەبوو لەبەرئەوەی کوڕەکە خاوەنی بڕوانامە نەبوو و بەرپرسیارێتی ماڵی باوکیشی لەئەستۆبوو.

**«پێکەوەنانی خێزان پێویستی بە وردەکاری هەیە»**

پێش هەموو شتێك دەبێت کچ ئەوە بزانێت کە لەگەڵ کێدا دەیەوێت ژیانی هاوسەرایەتی پێکبێنێت و بیر لەوە بکاتەوە کە چەندە قبوڵە لەڕووی کۆمەڵایەتیەوە ئەوسا دەروازەی ئەو پرۆسەیە لەگەڵ کوڕەکەدا بکاتەوە لەبەرئەوەی تەنیا بڕیاردان نییە لەسەر چارەنووسی خۆی بەڵکو پێوەندی بە ژیان و مامەڵە و لایەنی کۆمەڵایەتی خانەوادەشەوە هەیە، ئەمە وتەی شوان کوێخا عەزیز محەمەد ئەمینی توێژەری کۆمەڵایەتی بوو.

# کچێکی تەمن ١٩ ساڵ خۆی دەکوژێت

**محەمە عەبدولعەزیز- دهۆك:** کچێکی تەمەن ١٩ ســاڵان کە دانیشتووی کۆمەڵگای مانگێشکێ بوو، بە دەمانچە کۆتایی بە ژیانی خۆی هێنا و تا ئێستا هۆکاری ئەم کارەی دیار نییە.

سەرچاوەیەك لە پۆلیسی پارێزگای دهۆك تایبەت بە گوڵان ئاشکرای کر لــە رۆژی ٢٠١١/٥/٢٣ کاتژمێر ٤ی دوای نیوەڕۆ، دوای ئەوەی کچەکە دەمانچەی باوکی دەدۆزێتەوە گوللەیەك لە ســینگی خۆی دەدات و هەر ئەو کات لەوێ گیان لە دەســت دەدات، دواتــر تەرمەکەی دەگوازرێتەوە بۆ پزیشــکی دادی، چونکە یەکســەر گیانی لە دەستدا بوو بەر لەوەی بگوازرێتەوە بۆ نەخۆشخانە.

ســەرچاوەکە زیاتر وتی: ئەم کچە خەڵکی گوندی بەندایە و قوتابی پۆڵــی ٩یە لە قوتابخانەی مانگێشــکێی بنەڕەتی، بەپێی سەرچاوەیەکی نزیك لە خێزانــی کچەکە دوور نییە هۆکاری خۆکوشــتنەکەی لــە ئەنجامــی فشارێکی دەروونی بێت، چونکە زۆر خەریکــی خوێنــدن بووە و ماوەی چەند رۆژێك بەشێوەیەك سروشتی رەفتاری نەکردووە و هزری



# لە یەک ڕووداوی هاتوچۆدا، دوو کەس گیانیان لە دەستدا

**دهــۆك:** رۆژی ٢٠١١/٥/٢٣ دوو کــەس بوونــە قوربانــی ڕووداوێکی هاتوچۆ و هــەردوو ئۆتۆمبیلەکە بە تەواوی لەناوچــوون و زیانی ماددی زۆریشیان بەردەکەوێت.

ســالار محەمەد کــە یەکێکە لەو کەســانەیە کە ڕووداوەکەی بینیوە بە گوڵانی راگەیاند: کاتژمێر ٧ی ئێوارە دوو ئۆتۆمبیل لە جۆری مارســیدس و ئۆپــڵ بــەر یەککەوتن و لە ئەنجامدا دوو کەس لە هەردوو ئۆتۆمبیلەکە بوونە قوربانی و کەسێکی دیکەش بریندار بوو.

لەلایەکی دیکەوە ســەباح ســەفەر لە راگەیاندنی پۆلیســی هاتوچۆی پارێزگای دهۆك بە گوڵانی راگەیاند: لە ماوەی چوار مانگی یەکەمی ئەم ســاڵ ١٦٩ ڕووداوی جۆراوجــۆر لە پارێــزگای دهۆك ڕوویانــداوە و لەم ڕووداوانــە ٢٦ هاووڵاتی گیانیان لە دەستداوە و ٢١٧ هاووڵاتیش بریندار بوون.



# لەئەنجامی شۆرتێکی کارەب



دهۆك: **لە ئەنجامی ڕوودانی شــۆرتێکی کارەبا ماڵێــك ئاگری تێبەربــوو و نزیکەی ٧٠٪ی دەســووتێت و زیانێکی ماددی زۆری بەردەکەوێت.**

**نوری یاسین خاوەنی ماڵەکە لە بارەی ئەم ڕووداوە بەم شــێوەیە بۆ گوڵان هاتە ئاخافتن: لە نیوەی شەودا هەســتیان بە بۆنی سووتان کرد کە لەژووری میوان دەهات دواتر ژوورەکە ئاگری تێبەربوو و سووتا، بەڵام خۆشبەختانە هیچ کەسێك لــەو ژوورە نەبــووە لە کاتی**

# له هەولێر بەگولله گەنجێک خۆی کوشت



گەنجێك كە كارمەندی ئاسایشە لە بنكەی ئاسایشی ئازادی بوو، لە ئەركی خۆیدا بە كلاشینكۆف خۆی كوشت.

سەرچاوەیەك لە ڕاگەیاندنی پۆلیســـی هەولێر رایگەیاند رۆژی ٢٠١١/٥/١٨ كارمەندێكی ئاسایش خۆی كوشت لەو كاتەی لە ئەركی ئاسایی خۆیدا بووە، سەرچاوەكە زیاتر وتی: (بارزان عەبدوڵا) كە لە دایكبووی١٩٨٤ و كارمەندی ئاسایشە لە بنكەی ئاسایشی ئازادی، لەكاتی ئەركی ئاســـایی خۆیدا خۆی كوشـــت، بە قســـەی هەر یەكە لە (سەنگەر ڕەئوف رەشـــید) و(چیا نەبەز حەمەد) كە شـــاهیدی ڕووداوەكە بوون كە گوێیان لە دەنگی تەقە بووەو گەیشـــتونەتە ســـەری، بینیویانە (بارزان) خەڵتانی خوێن بووە و چەكەكەی لە تەنیشـــتی بووە، هەروەها قەوانێكی گوللەی كلاشینكۆ فیش لە نزیك تەرمەكەی هەبووە، دوای ئەنجامدانی لێكۆڵینەوەی پێویســـت، شایەتی دوو هاوڕێیەكەی بە رەسمی وەرگیراو لە هەمان كاتتدا چەكەكەش ڕەوانەی بەڵگەی تاوان كرا.

شـــایەنی وتنە تا ئێســـتا هۆكاری ڕاســـتەقینەی خۆ كوشتنی ئەم گەنجە دیار نییە.

# چەند ئافرەتێک دووچاری توندوتیژی دەبنەوە



رۆژی ٢٠١١/٥/٢٢ لە شـــاری هەولێـــر چەند ئافرەتێك بەشـــێوەیەكی بـــە كۆمـــەڵ دووچاری توندوتیژی بوونەتەوە و سكاڵایان لە كۆمەڵە كەسێكی تر كردووە.

لەم بارەیەوە بەڕێوەبەرایەتی راگەیاندنی پۆلیسی هەولێر پێی راگەیاندیـــن هەر یەكە لە دادخـــوازان (س.ع.ح) كە ئافرەتی ماڵە و دانیشتووی گەڕەكی نـــەورۆزە و (ف.خ.ا) ئەویـــش ئافرەتـــی ماڵـــە و دانیشـــتووی گوێرە و (ە.م.ع) قوتابی دانیشتووی گەڕەكـــی نـــەورۆزە و (خ.ص.ع) كچـــی ماڵە و دانیشـــتووی گوێرە و ســـكاڵایان دژی هەر یەكە لە تاوانباران(خ و ج وە و س و ز(ئافرەتە) و ع.ق) بـــەرز كردۆتـــەوە بـــەوەی هەســـتاون بە لێدانـــی دادخوازانی ناوبراو و زامداریان كردوون.

لەلایەن خۆیشیەوە دادوەر بڕیاریدا ئەوانەی كە تاوانبـــاران و ئەوانەی ســـكاڵایان لەدژ تۆمار كراوە بەند بكرێن.

# ـــــایی، ماڵێک دەسووتێت



سووتانەكەدا.

دوای ئـــەوەی ئاگرەكە تەشـــەنەی كردووە ئەندامانـــی خێزانەكە توانیـــان بچنە دەرەوە و هیچ زیانێكی گیانی لێنەكەوتەوە، بەڵام زیانی ماددی ئەم ڕووداوە بـــە نزیكەی ٢٥ ملیۆن دینار دەخەمڵێندرێن، نوری یاســـین هەروەها وتی: دوای ئەوەی پێوەندیمان بە ئاگركوژێنەوە كرد، گەیشتنە شوێنی ڕووداوەكە و ئەگەر بە هەوڵی ئەوان نەبوایە ئەوا ماڵەكەمان هەمووی دەسووتا.

# بەشە ناوخۆییەکان ماڵی دووەمی کچان؟

ئا: بەهرە سدیق

کچان لەبەشە ناوخۆییەکان زۆربەی کاتەکانی خۆیان بەچی بەسەر دەبەن، ئایا بەشەناوخۆییەکانی توانیویانە بۆشایی دوور لەماڵ و خێزانەکانیان پڕبکەنەوە بۆیان، کۆبوونەوەی ئەو کچانە بەیەکەوە وایان لێ دەکات کە پشت بەخۆیان ببەستن و فێری بەرپرسی ببن، لێرە ڕای چەند کچێك وەردەگرین بۆئەوەی بزانین وەك دەڵێن ئایا بەشە ناوخۆییەکان وەك ئاماژەی پێ دەدەن، ناخۆشە؟

## خوێندن لەبەشە ناوخۆیی زۆر کەمە تەنیا ڕۆژانی تاقیکردنەوە نەبێ

ئاهەنگ تەمەن ٢٣ساڵ یەکێکە لەو قوتابیانەی کە لەبەشە ناوخۆیی ١٨ی شوباتی کچانە دەڵێت»بەگشتی لەبەشی ناوخۆیی خوێندن زۆر کەمە لەبەر ئەوەی کچ زۆرن کۆدەبنەوەو دادەنیشن بەیەکەوە تا درەنگانی شەو قسە دەکەن و باسی مۆدێلی جلوبەرگ و قژ و ئاڵتوون و هەر شـتێك پێوەندی بەکچانەوە بێت دەکەن، شـەو هەیە تا کاتژمێر ١٢و ١ شایی دەکەین کەبەیەکەوە کۆدەبینەوە بەڵام لەو ڕۆژانەی کە تاقیکردنەوەمان هەیە دەخوێنین و زۆربەی کاتەکانیش بەئینتەرنێت بەسەر دەبەین و ئەوانەی کە قەڵەون وەرزش دەکەن»

## لەبەشی ناوخۆیی کچ فێرە بەرپرسیارێتی دەبێت

ساکار لەبەشە ناوخۆیی ٣ ی کچان دەڵێت»لەبەشی ناوخۆیی لەبەر نەبوونی تیڤی و هاوشێوەیەك زیاتر کاتی خۆمان بەکۆبوونەوە لەدەوری یەکتر بەسـەر دەبەین و قسـەی خۆش دەکەین و باسی ژیانی خۆمان دەکەین و هەندێ جار شایی دەکەین و نوکتە دەگێڕینەوەو کاتی خۆمان بەو شـتانە بەسـەر دەبەین هەشە بەپێوەندی لەگەڵ خۆشەویستەکەی خەریکە لەگەڵ ئەوەشـدا لەوێ لەبەشی ناوخۆیی فێری زۆر شت بووم وەك ئەوەی خۆم بۆخۆم شت ئامادە بکەم و بەرپرس بم لە ژیانی خۆم و بتوانم دوور لە خێزانەکەم بژیم و پشت بەخۆم بەستم»

## ئاهەنگ و پڕۆژەی دەرچوون لەلایەن کچانی بەشەناوخۆیی بابەتی ڕۆژانەیە

جوانەبەکر لەبەشـی ناوخۆیی ١٨ شـوبات وتی »لەدوای گەڕانەوەمان لەدەوام خەریکی نان ئامادەکردن دەبین و ئیش دەکەین و لەدوای نان خواردن قاپەکان دەشۆین پاشان هەر کەسێ ئەگەر بیەوێ خەریکی وانەکانی دەبێ و ئەوانی تریش بەیەکەوە کۆدەبنەوەو خەریکی قسـەوباس کردنی نهێنی دڵمان دەبین بەڵام من قۆناغی چوارم زیاتر بەیەکەوە کۆدەبینەوە باسـی پڕۆژەی دەرچـوون دەکەین یان ئاهەنگی دەرچوون و خۆئامادەکردن بۆی، بـەڵام ئەوانەی قۆناغی یەك و دوون زیاتر خەریکی یەکترناسـین و برادەرایەتی و هەندێ شـەویش ڕوو لەهۆڵی پشـوو دەکەین یان هۆڵی خوێندنەوە بۆکات بەسەربردن»

## کچان باسی ئەو مۆدێلانە دەکەن کە تایبەتە بە کچانەوە

نسـار لەبەشە ناوخۆیی لەیلا قاسم وتی »زۆربەی کات خۆمان بەخوێندنەوە خەریك دەکەین یان سەیری تیڤی دەکەین، ئێمە زۆربەی کچەکان لابتۆپی تایبەتی خۆمان لایە و لەکاتی دانیشتندا بە ئینتەرنێتەوە خەریك دەبین و پێموایە لەهەموو بەشە ناوخۆییەك کۆبوونەوە هەیە لەنێوان کچەکان بۆئەوەی کاتمان بەسەرببەین و قسەی خۆش دەکەین و باسی زۆر شت دەکەین وەك مۆدێلی جلوبەرگ و جانتا و قژو ئەو شتانەی کە پێوەندی بە کچانەوە هەیە»

نازە یەکێکە لەو قوتابیانەی ئەوە سـێ ساڵە لەبەشەناوخۆییە وتی: خۆشترین کاتم ئەو کاتەنەیە کەلەبەشی ناوخۆییم، چونکە هەموو کچەکان هاوتەمەنی یەکترن بەیەکەوەکۆدەبینەوە بەتایبەت شـەوانە تادرەنگانێك قسـەدەکەین، هەڵپەڕکێ دەکەین و خۆمان ئامادە دەکەین بۆبەیانی بۆئەوەی چ جۆرە جلێك بپۆشین .



# دۆزینەوەی باوڵێكی ژەنگاوی، چارەنووسی موڵكێكی گرانبەها یەكلایی دەكاتەوە.

ئا/ كانێش

نازانرێت بۆچی بیری لە ساڵانی منداڵێتی خۆی كردەوەتەوەو لە ژێرزەمینی ماڵـــی خاڵۆیدا بەناو جانتا ژەنگاوییە پڕ لە یادگارییە باوڵییەكەی فەتاحی باوكیدا دەست و چاوانی گێڕاوە، لە ناكاوڕا وەك دەركەوتنی مانگە شەوێكی سیحراوی سەنەدی تاپۆی پارچە زەوییەكی بەناوی خوالێخۆشبووی بابییەوە بینی بووەوە، نیگاكانی تیژ ئاســا كەوتبوونە سەر سی ساڵێك بەر لەئەمڕۆ، وەك دەیگێڕنەوە مام فەتاحی بابی شــلێر پیاوێكی تێكســمڕاوی بەشان و شەوكەت بووە، هەموو بەیانیانێك لەگەڵ كازێوەدا بۆ بەسەركردنەوەی ڕەزی میوەو ترێ بەسەر چیادا هەڵگەڕاوە، ئێوارانیش لە باخچەكەی ماڵی خۆیاندا كە كرێچی بوون تێیدا، نازی ئەم كیژەیی و دوو كوڕەكەی خۆی (مەریوان و ئەریوان)ی كێشاوە كە لە تەمەندا هەردووكیان لە شلێری خوشكیان گچكەتر بوون و مام فەتاحیش نەیهێشــتبوو بێ دایكایەتییــان پێوەدیار بكەوێت، تا ئەو چركەســاتە تاڵانەی كە مام فەتاح تووشـــی نەخۆشی شێرپەنجە بووە، چەند مانگێكی ڕەبەق ئەو شــاخەوانە ئازایە دەســتەویەخە لەگەڵ مەرگدا زۆرانبازی كردووە، دواجار مەرگ كە لەشــاخەكان سەختترە، تەختی پشتی ئەمـــی لە زەوی كوتـــاوەو دوا ماڵئاوایی لە ژیان پێكردووەو ســێ منداڵی بە بێ دایك و باوك كە شــلێری كیژی گەورەی تەمەنی نۆســاڵان بووە لە دوای خۆی بەجێهێڵاون، دۆزینەوەی ئەم ســەنەدە وەك ڕۆشناییەكی لێڵ لە ناوهەوردا زەین و بیری شــلێری لە شەوارەداوە، بۆیە هانای بردبووە لای مام و ئامۆزاكانی و ئەوانیش بەدوای سۆراغی زەوییەكەدا دەچن تا شوێنەكەی دەدۆزنەوەو، دەبینن خانوویەكی قشــتی لەسەر بینا كراوە و كاتێك لە خاوەن ماڵ دەپرسن ئەوە چۆنە خانووت لەسەر ئەم زەوییە بینا كردووە؟؟!

ئەویش دەڵێت:

ســی ســاڵێك لەمەوبەر لە گوندی خۆمان ڕاگوازرابووین هاتینە ئەم شارۆچكەیەو بەســەر ئەم زەوییە بێ ســاحێبەوە دەوارمان هەڵدابوو، چەند ســاڵێكیش چاوەڕێ بووین خاوەنەكەی دەربكەوێت، تەنانەت لە فەرمانگەی تاپــۆی ئێرەش بەراییەكانی یاســایی موڵكەكە دیار نەبوو كە هی كێیە، لە ڕاســتیدا نەدەزانرا خاوەنی هەیە یان نا، ئێمــەش دواتر بە تەجاوز خانوومان لەســەر چێكرد، چونكە زۆربەی خانووەكانی لــەم كۆڵانەدان، هەیانە زیاتر لە سی ســاڵە دروست كراون و هەر بێ تاپۆشن، زۆر هەوڵماندا لەسەرمانی تاپۆ بكەن بەڵام وەڵامیان پێ نەدەداینەوە ...

ئینجا براكانی مام فەتاح كە سەنەدیان پێ نیشان دابوون، ئەویش پێی وتبوون :

ڕەنگــە ئەمەتــان تەزویر كردبێت، چونكە لە تاپــۆ ئەم زەوییە بێ ژمارەیە...

براكانی فەتاح لەدوای ئەوەی پارێزەرێكیان بۆ ســاغكردنەوەی ئەم مەســەلەیە تێگەیانــدووە، هاتوونەتە تاپۆی گشــتی، لە فەرمانگەی تاپۆی گشــتییەوە، بەراییە یاســاییەكانی موڵكەكەیان دۆزیوەتەوە كە بەناوی فەتاحی خوالێخۆشــبووە، دوای ئەویش هیچ كڕین و فرۆشتنێك بەو موڵكەوە نەكراوە..

شــلێر ئەو ڕۆژانەی دێتەوە یاد كە خۆیـــی و برا گچكەكانی لە ماڵەخزمان پەرەوازە بوون و بە هەزار دەردەسەری و منەتەوە پەروەردەكراون، چەندین جــار بەچاویاندا كوتراوەتەوە كە باوكی ڕەحمەتییان بســتێك موڵكــی بۆ جێنەهێشــتون، تەمەنی جوانووی شــلێرو براكانی بەو شێوەیە چووەتە سەر كەچی ئێســتا زەوییەكی چوارسەدمەترییان لە جێگەیەكی باشــدایەو سی ساڵ دەبێت خەڵكی تری بەسەرەوەیەو بۆ خۆیان كردویانەتە خانوو، بێ ئەوەی كەســێك ڕۆژێ لە ڕۆژان ئەم باوڵە كۆنەمیراتییەی باوكیانی پشــكنی بێــت كە لە ژێر زەمینی ماڵی خاڵۆی شــلێردا فڕێدرابوو، هەموان بێئاگا لەوەی ئەو باوڵە ژەنگاوییە ســەنەدی موڵكێكی تێدایە كە بە دەیان هەزاردۆلار مەزەندە دەكرێت..

وادیارە ماوەیەك بە سوڵحی عەشایەری ئەم كێشەیە بۆ خاوەن ماف كە شلێرو براكانێتی یەكلایی نەبۆتەوە، بۆیە شلێر هانای بــردووە بۆ بنكەی پۆلیس و لەلایــەن دادوەری لێكۆڵینەوەوە بڕیــاردراوە كــە بەڵگەنامــەی خاوەندارێتـــی موڵكەكە وەربگیرێت تا بە پێی ڕێوشــوێنی یاســایی ئەم كێشــەیە یەكلایی بكرێتەوە..

تێبینی: لەبەر یەكلانەبوونەوەی كێشەكەو هەروەها لەبەر عورفی ڕۆژنامەنووســی، هەندێك كارەكتەری ڕاستەقینەو كەسانی تر كە ئێســتا مەلەفی كێشەكەیان لەبەردەم دادوەرە، حەزیان نەكردووە ناویان ئاشــكرا بكرێت، بۆیە ناوەكان و شوێنی موڵكەكەو هەندێك وردەكاری تری یاســایی بە ئەمانەتەوە لای مەلەفی كۆمەڵایەتی گۆڤارەكەمان دەپارێزین..

